# گڵکەند

Kurdistan Chronicle


بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٢١)

چوارشەممە ٢٠٢٥/٧/٣٠


# تەیراوە

## نەقلیاتێک بۆ بنی دنیا




دیمەنێکی شەقامی سەرەکیی بازاڕی تەیراوە

وێنە: عومەر کەریم


وێنەیەکی تەیراوەییەکان
وێنە: عومەر کەریم

# تەیراوە

ئەسکەندەر جەلال

نەقڵیاتی شار  لە گەڕەکەکەی من بوو
خەڵک لێیەوە دەچوونەوە ئەوسەری دنیا
خەڵک لێیەوە دەچوونە شاری یۆتۆپیا
دەچوونە حەج، دەچوونەوە ماڵی خودا
خەڵک کە دەهاتنە شارەکەی من،
بە دڵەوە دەهاتن و بێ دڵ دەڕۆیشتنەوە
دڵیان لێ بەجێ دەما
هەر کێ ڕێی وێڵ دەبوو
لە نەقڵیاتی تەیراوەکەی من بە ماڵی خۆی دەکەوتەوە
خەڵک هەر لە نەقڵیاتی گەڕەکەکەی من
نیازی هەبوایە بۆ سەر مانگ بەڕێ دەکەوت
دەریامان نەبوو، بەس هەر لە نەقڵیاتەکەی گەڕەکەکەی من
خەڵک ڕۆیشتووە و گەیشتووە بەقووڵاییی دەریاش
کۆستەر هەبوو دەیبردیە بێترمە
بە کراونی تەکسی دەچوویەوە هەرمۆتە
هەر لە نەقڵیاتەکەی تەیراوە
ڕۆژێ چەندین کاروان دەگەیشتنە نەبی یونس
هەستم وا بوو هەموو دنیا
لەو نەقڵیاتەوە
لەمسەر بۆ ئەوسەری ژیان تەی دەکەن ●

# پڕۆژەی ڕووناکی، بازاڕی بەفر دەتوێنێتەوە


وێنە: شڤان هەرکی

**زیرەك تاریق**

پڕۆژەی ڕووناکی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گۆڕانی گەورەی بەسەر ژیانی شاردا هێنا، ئەمەش دوای ئەوەی لە ١٩٩٠ەوە کارەبای بەردەوام لە کوردستان نەمابوو، بۆ یەکەم جار دوای ٣٥ ساڵ شار بەتەزووی کارەبای بێ پچڕانەوە ڕووناک بووەوە، سەرباری نەهێشتنی موەلیدەکانی گەڕەک، کاریگەری کردە سەر پیشە و کاری دیکەش، لەوانەش بازاڕی بەفرفرۆشی تواندەوە.

پێشتر بەهۆی نەبوونی کارەباوە، چەند کار و کاسبییەک پەیدا بوون و گەشەیان کرد، لەوانەش کاری دروستکردنی بەفر، کە ئێستە بەهۆی هەبوونی کارەبای بەردەوامەوە، چیی دی خەڵک پێویستیان بە کڕینی نەماوە.

ئیبراهیم محەمەد ماوەی ١٦ ساڵە لە کارگەی دروستکردنی بەفر کار دەکات، بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بووەتە هۆی کەمبوونەوەی فرۆشی بەفر، بەجۆرێک کە دەتوانێت بڵێت نیوەی فرۆشیان دابەزیوە.

جاران بەهاوینان خەڵک پشتیان بەکارەبای موەلیدە دەبەستا، کە ئەمپێری کەم بوو، بۆیە ناچار بوون لە کارگەکان بەفر بکڕن و خەرجییەکی سەرباریان دەکەوتە سەر شان، بەڵام ئێستە بەردەوام کارەبا هەیە و خەڵک بەردەوام لە ماڵەکانیاندا  بەفریان هەیە.

بەگوتەی ئیبراهیم محەمەد، ئێستە کڕیارەکانی بەفر، خاوەن پیشەکانی وەک گۆشتفرۆش، ماسیفرۆش و جووتیارەکانن.

لە بارەی وەرزی فرۆشتنی بەفریشەوە گوتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەوەرزی هاوین دەبەستن، جاران لە مانگی شەشەوە تا مانگی نۆ کاریان باش بوو، لە وەرزی زستانیشدا کەمتر فرۆشیان هەبوو.

سەبارەت بە نرخەکانیش، باسی لەوە کرد کە نرخی یەک قاڵب بەفر یەک هەزار و ٢٥٠ دینارە، بەڵام ئەو نرخە بەپێی فرۆشتنی تاک و کۆ دەگۆڕێت.

ئەگەرچی خواستی خەڵک بۆ کڕینی بەفر بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، بەڵام پڕۆژەی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بووەتە هۆی نەمانی خەرجییەکی گەورەی کارگەکانی بەفر کە بریتی بوو لە کڕینی سووتەمەنی بۆ کارپێکردنی موەلیدەکانیان.

ئەسعەد جەمال ماوەی ١٥ ساڵە بەفر دەفرۆشێت، لە بارەی کاریگەری کارەبای ٢٤ کاتژمێرییەوە لەسەر کارەکەی، بەهەمان شێوەی ئیبراهیم محەمەد دەڵێت فرۆشیان کەمی کردووە، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو کارەبای پڕۆژەی ڕووناکییە خەرجییەکانی دروستکردنی بەفری کەم کردووەتەوە. نموونەش بەوە دێنێتەوە کە پێشتر ڕۆژانە دوو بۆ سێ بەرمیل گازیان بەکار دەهێنا، بەڵام ئێستە پێویستیان بە موەلیدە و کڕینی گاز نییە.

هەروەها باسی وەرزی فرۆشتنی بەفر دەکات، کە جگە لەوەی ماوەی چوار مانگی هاوین بازاڕیان دەکاتە لووتکە، بەپێی ڕۆژ و گەرمای کەشوهەواش دەگۆڕێت، جار هەیە کە زۆر گەرمایە هەندێک ماڵ پێ ڕاناگەن بەفر دروست بکەن و لە بازاڕ دەیکڕن، ئەوی دی بە زۆری پیشەکارەکان دەیکڕن.

بەپێی دواین ئامار، پڕۆژەی «ڕووناکی» کارەبای ٢٤ کاتژمێری گەیشتووەتە دوو ملیۆن هاووڵاتی، زیاتر لە ٤٥٠ هەزار ماڵ و ٩٠ هەزار شوێنی بازرگانی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا سوودمەند بوون، بە نزیکەیی تەواو هەولێر ئێستە لەو پڕۆژەیە سوودمەندن. ●

## پسپۆڕێکی نەخشەدانان پێشنیاز دەکات بکرێتە پڕۆژەیەکی گەورەی کشتوکاڵی

# پشتێنەی سەوزایی هەولێر چۆن جێبەجێ بکرێت؟

”دەتواندرێ پشتێنەی سەوزایی هەولێر وەك پرۆژەیەکی ژێرخانیی دەوڵەت، لەسەر ئاستی پەرەپێدانی ژینگەیی، لە ڕێگەی پێشخستنی پیشەسازیی کشتوکاڵی خۆماڵی بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری بەکار بهێندرێت“. پسپۆڕێکی شارەزای بوارەکە لەبارەی هەواڵی دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی لە دەوری هەولێر چەند پێشنیازێک دەخاتەڕوو.

**گڵکەند**

سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر هەواڵی دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی لە دەوری شاری هەولێر بڵاو کردەوە و ڕای گەیاند کە پلانی داهاتووی حکوومەت دروستکردنی ئەو پشتێنەیە دەبێت. پسپۆڕانیش ئەوە بەهەنگاوێکی گرینگ دادەنێن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و دابەزاندنی پلەکانی گەرمای هەولێر و پاکترکردنی هەوایەکەی.

دوکتۆر کاروان محەمەدئەمین تەها، خەڵکی شاری هەولێرە و ئەندازیاری تەلارسازیی لە نەخشەدانانی شار و هەرێمەکان لە زانکۆی شەفیڵدی بەریتانی خوێندووە، پێی وایە ”بەتێپەڕینی کات، ژمارەی دانیشتوان بەرز دەبێتەوە و شارێکی گەورەی وەک هەولێریش فرەوان دەبێت، گەڕەکی نوێ پەیدا دەبن و تەلار بەرز دەبنەوە، بوار بۆ پانتاییی سەوز کەم دەبێتەوە و زۆر جار زەوییە کشتوکاڵییەکانیش دەبن بە شار و پڕۆژەی نوێی نیشتەجێبوون.“

وڵاتانی جیهان بەهۆی کاریگەرییە خێراکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا هەنگاوی خێرا دەگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی، لە بارەی ئەو پشتێنەیەوە دەڵێت ”لەبەرئەوەی جێبەجێکردن و پەرەپێدانی ئەو پانتاییە فرەوانەی سەوزایی، پێویستی بە کات و سەرمایە و سەرچاوەیەکی مرۆییی گەورە و بەردەوام هەیە، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا گۆڕدراوە بۆ دەرفەتی ئابووری، حکوومەتەکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی بەو قەبارەیە کۆنتراکت و هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکەن کە پێی دەڵێن (PPPs, Public-private partnerships).“

کاروان محەمەدئەمین کە ماوەی سێ ساڵ لە دوو کۆمپانیای گەورەدا لە بەریتانیا لە بواری (Net zero carbon) وەک ڕاوێژکار کار کردووە، دووپاتی لەوە کردەوە ”بیرۆکەی پشتێنەی سەوز تەنها بۆ کەشخەیی و ژینگەپارێزییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو بووەتە پێویستی بۆ تەواوی شارە گەورەکان، بۆ ڕاگرتنی فرەوانبوونی هەڕەمەکیی شار و بۆ کردنەوەی دەلاقەیەکی هەناسەدان بۆ قەرەباڵغیی شار. لەمێژە شارە گەورەکان لە لەندەنەوە تا سیئۆل چوونەتە باوەشی پشتێنەی سەوزەوە.“

دوکتۆر کاروان بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە بەبۆنەی ڕاگەیاندنی پڕۆژەی پشتێنەی سەوزاییەوە باسی لە ئەزموونی وڵاتان لەو بوارەدا کرد و گوتی ”پڕۆژەی گەورە و درێژخایەنی هاوشێوەی پشتێنەی سەوزاییی هەولێر لە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشێوازی (PPPs) جێبەجێ دەکرێن. بۆ نموونە ڕێگەی خێرا لە مالیزیا لەلایەن حکوومەت و کەرتی تایبەتەوە بەشێوازی (PPPs) جێبەجێ کراوە، لە بەریتانیا چەندین نەخۆشخانە بەم شێوازە دروست کراون، لە تورکیا قوتابخانە بەم ڕێگەیە دروست دەکرێت، هەروەها فڕۆکەخانە و هێڵی شەمەندەفەر لە وڵاتانی وەک ئیمارات و سعوودیە بەشێوازی (PPPs) جێبەجێ کراون.“

لە بارەی گرێبەستەکانی هاوشێوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پڕۆژانەش دەڵێت ”کۆنتراکتی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە زەبەلاحانە وردەکاریی زۆر لەخۆ دەگرن، بەڵام بەو شێوەیەی لە جیهاندا باوە، دەکرێ لەوەدا کورتی بکەینەوە کە کۆنتراکتێکی درێژخایەن لە نێوان کەرتی تایبەت و حکوومەت بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتی گشتیی ئەنجام دەدرێت، تیایدا بەشێک یان سەرجەم تێچووەکەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی کەرتی تایبەت، ئەو کەرتە بەرپرسیاریەتیی جێبەجێکردن و بەگەڕخستن و پەرەپێدان و ئیدارەدان و بەردەوامیدان دەگرێتە ئەستۆ، لە بەرامبەردا حکوومەت ئاسانکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بەهاوبەشی.“


دوکتۆر کاروان کە لەوەتەی دروستکردنی پارکی سامی عەبدولڕەحمانەوە لەوێندەر وەک ئەندازیاری تەلارسازی دەستبەکارە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر و دوکتۆرا لە بەریتانیا، دووبارە لەو پارکە گەورەیەی هەولێر دەستبەکار بووەتەوە، باس لەوە دەکات کە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی پشتێنەی سەوزایی، هەولێر سییەکی دیکەی بۆ هەناسەدان بۆ زیاد دەبێت، پێشنیاریش دەکات چەند وەبەرهێنەرەکی نیشتمانیی تایبەتمەند، بەپێی نەخشەی پەسندکراو و بەو تایبەتمەندییانەی حکوومەت داوای دەکات، کار بۆ جێبەجێکردنی بەشە جیاکانی پڕۆژەکە بکەن، کە بەپێی کۆنتراکتێکی درێژخایەن هەردوولا تێیدا سوودمەند بن.

ئەو بە پێویستی دەزانی درەختی بەردار، ئەو درەختانەی زۆرترین سوودی ژینگەیان هەیە لەو پشتێنەیە بچێندرێن، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران سوودی لێ ببینن، کە لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی و هەناردەکردنی بۆ بازاڕە جیهانییەکان، سەرەڕای پڕکردنەوەی پێویستی ناوەخۆ بەپێی جۆری ئەو درەختانەی لەو پڕۆژەیەدا دەچێندرێن.

پسپۆڕەکە دەشڵێت ”یەکێک لە ستراتیژییەکانی حکوومەت بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی داهاتی دیکە بۆ کوردستان، دەکرێت ئەو پشتێنەی سەوزاییەش لەو چوارچێوەیەدا کاری بۆ بکرێت، بەپێی کەشوهەوا و پێویستی بازاڕ ئەو جۆرە درەختانەی تێدا بڕوێندرێن، کە بازاڕی کوردستان پێویستی پێیەتی“.

باسی لەوەش کرد کە ئەو پڕۆژەیە دەکرێت لە هەندێک خاڵی سنووردار و دیاریکراودا ناوچەی گەشتیاریی لێ دروست بکرێت و ببێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، بەڵام بە جۆرێک کە کاریگەریی نەبێت لەسەر پاراستن و گەشەکردنی پشتێنەکە و کاریگەرییە ژینگەییەکانی.

ئەو ئەندازیارە، بەهۆی ئەزموون و بەدواداچوونی بۆ پڕۆژەکانی هاوشێوە لە وڵاتانی جیهان دەڵێت ”گرینگە بۆ جێبەجێکردنی چەند بەشێکی ئەو پڕۆژەیە، سوود لە میکانیزمی PPPs وەربگیرێت، تا کەرتی تایبەت و جووتیارانی شارەزای سنوورەکە بەشداری لە پێشخستن و بەردەوامیدان بەو ناوچە سەوزاییە بەرفرەوانەی شارەکەدا بکەن.“ ●



وێنە: بەهمەن فەرهادی

دیمەنێکی سەوزی هەولێر

# زۆنی یەکەمی ماسـتەرپلانی گەشتیاریـ

**هەژار مەجید**

کارەکانی ماستەرپلانی گەشتیاریی سۆران لە قۆناغی کۆتاییدایە و بەم نزیکانە دەست بەجێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پڕۆژەیەکی گەورەی گەشتیاری دەکرێت کە بەشێکە لە ماستەرپلانەکە.

ماستەرپلانی گەشتیاریی سۆران نۆ ناوچەی بەرفرەوان دەگرێتەوە، ئێستە کارکردن لە ناوچەی یەکەمدا دەستی پێ کردووە، کە لە خەلیفانەوە تا بێخاڵ درێژ دەبێتەوە و لە ١٣ پڕۆژەی گەشتیاری پێک هاتووە و لە ڕێگەی تەلەفریکێکی ١١ کیلۆمەتر درێژەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لەم بارەیەوە بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند ماستەرپلانەکە بەسەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چووە، نزیکەی دوو ساڵە کاری تێدا دەکرێت، ئامانجی سەرەکیشی فرەچەشنکردنی داهاتەکان و دابینکردنی دەرفەتی کارە بۆ خەڵکی ناوچەکە.

لەبارەی وردەکاریی ماستەرپلانی گەشتیاریی ناوچەکەشەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی فراوانیی سنوورەکەوە، لە قۆناغی یەکەمدا کار لە ناوچە گەشتیارییەکانی گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ و چیای باپشتیان دەکرێت، دەشڵێ گرینگییەکی تایبەت بە ڕێگەوبان دراوە، بۆ ئەوەی گەشتیار لە کاتی سەردانیکردنی ناوچە گەشتیارییەکاندا تووشی گرفتی هاتوچۆ نەبن.

تەلەفریکێک بە درێژیی ١١ کیلۆمەتر، یەکێک لە پڕۆژە گرینگەکانی ناو ماستەرپلانەکەیە، وەک هەڵگورد شێخ نەجیب دەڵێ تەلەفریکەکە لە قەزاری خەلیفانەوە دەست



# ی سۆران جێبەجێ دەکرێت

پێ دەکات تا دەگاتە چیای گۆرەز، چیای باپشتیان، بێخاڵ و شنگلبانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش وا دەکات سەرجەم ئەو شوێنانەی سەختن و خاوەن دیمەنێکی دڵڕفێنن، گەشتیار بەپیادە و ئۆتۆمۆبێل ناتوانێت سەردانیان بکات، لە ڕێگەی ئەو تەلەفریکە و چەند وێستگەیەکەوە بۆی دەچن.

تا ئێستە بودجە و ماوەی تەواوبوونی ئەو پڕۆژە گەورەیە دیاری نەکراوە، بەو پێیەی کە پڕۆژەکە وردەکاریی زۆری تێدایە و بەرفرەوانە، بەڵام وەک سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران باسی کرد، چەند کۆمپانیایەکی ناوەخۆیی و بیانی کار لە ئەنجامدانی پڕۆژەکە دەکەن.

لە بارەی فرەچەشنیی گەشتیارییش لە هەر چوار وەرزەکەی ساڵدا، هەڵگورد شێخ نەجیب ئەوەی خستە ڕوو کە پڕۆژەکە وەها دیزاین کراوە کە لە هەر چوار وەرزەکەی ساڵدا سوودی لێ وەربگیرێت و بزاوتی گەشتیاری بەدرێژاییی ساڵ تیایدا بەردەوام بێت، بە تایبەتیش گەشتیاری زستانە ڕوو لە ناوچەکە بکەن، سەرباری گرینگیدانی زۆر بەناوچە شوێنەوارییەکانی دەڤەرەکە.



چەند دیمەنێکی ناوچە گەشتوگوزارییەکان بەپێی ماستەرپلان



عەبدولباسیت فەرهادی

## ئیعدام و شکاندنی قەڵەمی دادوەر

لە یاسای سزاکانی عێراقیی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ کە تا ئێستە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێ، لە ماددەی ٨٥ و ٨٦ سزای لەناوبردن (ئیعدام) لە یەکەمین جۆری سزاکان هاتووە و ڕۆژانە لە دادگەکاندا ئەم سزایە لەلایەن دەستەی دادگەکانی تاوان دەردەکرێت کە لە سەرۆک و دوو ئەندامی دادگە پێک دێت و سەرۆکی دادگە بڕیاری دادگەکە دەخوێنێتەوە.

بڕیار و حوکمی بنبڕ نییە، بەڵکو دوای دەرکردنی حوکمەکە، ئاگەداری تاوانبارە سزادراوەکە دەکرێتەوە کە دۆسیەکەی بە یاسا بۆ دادگەی پێداچوونەوە دەنێردرێت کە بەرزترین دادگەیە بۆ سەیرکردنی بڕیارەکە و هەڵسەنگاندنی بەپەسندکردنی حوکمەکە یان تانەلێدان و هەڵوەشاندنەوەی یان دابەزاندنی سزاکە بۆ سزایەکی سووکتر.

لە کولتووری دادگەییەکاندا زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە لە دوای دەرکردنی سزای لەناوبردن، دادوەر قەڵەمەکەی دەشکێنێت یان نووکی قەڵەمەکەی دەشکێنێت، ئایا ئەوە ڕاستە؟

لە یاسا و ڕێساکانی ڕێکاری دادگەییە سزاییەکان ئاماژە بەو ڕەفتارەی دادوەر نەکراوە و هیچ دەقێک نییە دادوەرەکە پابەند بکات بەشکاندنی ئەو قەڵەمەی کە سزاکەی پێ دەرکردووە، بەڵام ئەو نەریتە لە لای هەندێک دادوەر پەیڕەو کراوە وەک ڕەفتارێکی تاکەکەسیی دادوەرەکە.

لێکۆڵەرەوان و توێژەرانی بواری تاوانناسی و دەروونناسیی تاوانکاری، ئەو ڕەفتارەی دادوەرەکە بۆ چەند ڕاڤە و شیکردنەوەیەک دەگەڕێننەوە، لەوانە:

دەڵێن قەڵەمی دەستی دادوەر هێما و ڕەمزی ژیانی تاوانبارەکەیە. بەبڕیاردانی لەناوبردن، نووکی قەڵەمەکە دەشکێنێت واتا ژیانی تاوانبار کۆتاییی پێ هات.

هەندێکی دی دەڵێن نووکشکاندنی قەڵەمی دادوەر بۆ ئەوەیە ئەو قەڵەمە بۆ سزادانی هیچ تاوانبارێکی دیکە بەکار نەهێندرێتەوە.

یان دەڵێن ئەو قەڵەمشکاندنە گوزارشت لە ناخی دادوەرەکە دەکات کە چەندە نارەحەت و پەشۆکاوە بەدەرکردنی ئەو سزایە بۆ کۆتاییهێنان بەژیانی مرۆڤێک، هەرچەند تاوانباریش بێت.

هەروەها هەیە دەڵێ شکاندنی قەڵەمەکە هێما و ڕەمزە بۆ جێگیربوونی سزاکە و کۆتاییهاتنی و پەشیمان نەبوونەوە.

ئەمنیش دەڵێم، دەرکردنی هەر سزا و حوکمێک لە دادگە، ناخ و ویژدانی دادوەرەکە دەهەژێنێت. خۆشترین ساتی دادوەر ئەوەیە کە تاوان لەناو کۆمەڵگە و شار و وڵاتەکەی نامێنێت.

# یەکەم کچە کورد ساڵی 1906 چووەتە بەر خوێندن

**گڵکەند**

ئەگەر یەکەمین کچ لە کوردستان شان بەشانی کوڕان چووبێتە بەر خوێندن، نەجیبەی کچی مەلای گەورەی کۆیە بووە لە ساڵی ١٩٢٤دا، ئەوا کچە کوردێکی دیکەی کۆیە بە ناوی زەینەب لە ساڵی ١٩٠٦دا لە بەغدا چووەتە بەر خوێندن و دەبێتە یەکەم کچی کورد چووبێتە قوتابخانە.

دڵدار جەلیزادە نووسەرێکی شاری کۆیە و شارەزای مێژوو، لەسەر ئەم بابەتە بۆ (گڵکەند) قسەی کردووە و دەڵێ زەینەبی مەلا ڕەئووفە فەندی، کاتی خۆی باوکی لە ئیستەنبوڵ خوێندنی حقووقی تەواو کردبوو، یەکێک بوو لە ڕۆشنبیر و شاعیرە دیارەکانی ئەو سەردەمە، ساڵی ١٩٠٦ لە قوتابخانەی ڕوشدییەی بەغدا چووەتە بەر خوێندن، بەڵام نەجیبە خانی کچی مەلای گەورە ساڵی ١٩٢٤ لە کۆیە چووەتە قوتابخانە.

هەروەها د. مەهاباد ئازاد سەرۆکی ئینستیتیوتی


زەینەب مەلا ڕەئووف


نەجیبە مەلا محەمەد

زەینەب خان باس لەوە دەکات کە زەینەبی خوشکی گەورەی دڵداری شاعیر، یەکێک بووە لە چالاکوان و شاعیرە ڕچەشکێنەکانی سەردەمی خۆی و کاریگەریی گەورەی لەسەر پەروەردە و پێگەیاندنی دڵداری برا بچووکیدا هەبووە، بە ڕادەیەک دڵدار لە بیرەوەرییەکانیدا ڕاشکاوانە دەڵێت «خوشکی گەورەم مورشیدم بوو».

زەینەب جگە لە شیعر، کاری لە بواری فۆلکلۆر و کۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکیشدا کردووە، لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و نوێخوازەکانی وەکو حیزبی ( هیوا) و (دارکەر) و (کۆمەڵەی خۆییبوون) بووە و لە گۆڤاری گەلاوێژدا شیعر و چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە، لەوانە چیرۆکێک بەناونیشانی (دوو مەل لە گوڵزارێک)دا.

بەگوتەی دڵدار جەلیزادە، نەجیبە جەلیزادە جگە لەوەی یەکەم کچ بووە لە ناوەخۆی کوردستاندا بچێتە قوتابخانە، لە بواری چالاکیی ڕێکخراوەیی و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتاندا کەسێکی چالاک بووە و ساڵی ١٩٥٣ بووەتە بەرپرسی لقی کۆیەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.

ئەو ژنە کۆییە خاوەنی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند بوو لە بیرەوەری، کە بەشێکی تایبەتە بە ڕووداوەکانی کۆیە و یاداشتەکانی مەلای گەورەی باوکی و مێژووی بنەماڵەکەیان، کە بەشێکی کەمیان نەبێت چاپ نەکراون. ●

# نازناوی کۆییان لە چییەوە هاتووە

**شلێر سەعید**

زۆربەی بنەماڵەکانی شاری کۆیە لە کۆنەوە نازناوی تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئەگەر کەسێک بیویستبا ماڵێک بدۆزێتەوە یەکسەر نازناوەکەی دەگوت. سەرباری ئەوەی ژمارەیەک کەسایەتیی ناوداری شارەکە بووبوونە ناونیشانی گەڕەک و کۆڵانەکان، هەیانە چەندین ساڵە نەماوە، کەچی نازناویان هەر لەسەر زارانە.

دیاردەی نازناو لەناو کۆییاندا بڵاوترە وەک لە شارەکانی دیکەی کوردستان، شێخ سەلاح شێخ شەڕەفی نووسەر، پێی وایە پێدانی نازناو نەریتێکی شارستانییە، کۆیەش نەریتی شارستانیی زۆری تێدایە، جا بەهۆی ئەوەی شار بووە، ناوی هۆز نەکراوەتە نازناو، بەڵکو کەسەکان خۆیان نازناوێکیان بۆ خۆیان داناوە، یان خەڵکی دەوروبەریان نازناویان لێ ناون.

بە گرینگیشی دەزانێ نازناوە ئەرێنییەکان بنووسرێنەوە، وەک ئەو نازناوانەی زیرەکی، دەستڕەنگینی، بەخشندەیی، چاکەکاری، ئازایەتییان لێ دەخوێندرێتەوە و نازناوە نەرێنییەکان لابدرێن.

وەک شارەزایان پێناسەیان کردووە، نازناو، ناو یان ئاوەڵناوێکە بۆ ناوی کەسێک زیاد دەکرێت و بەوە دەناسرێت، ئەوەیش چ لە بنەچەی خێزانی، هۆز، پێگەی کۆمەڵایەتی، پیشە، سیفەت، سەروسیما و هەر تایبەتمەندییەکی ئەو کەسەوە وەرگیرابێت، بۆ نموونە: چەلەبی، جاف، حەوێزی، قەساب، باڵابەرز، کەچەڵ، پارەپیس، ئەبو شوارب، چەخماخساز، مسگەر.

دوکتۆر چیا عەلی مامۆستای زمانەوانی لە زانکۆی ڕاپەڕین و شارەزا لە مێژووی کۆیە، ئەوەی بۆ (گڵکەند) ڕوون کردەوە کە «نازناو» دیاردەیەکی زمانییە، لێکدانەوەیەکی واتایی یان پراگماتیکی بۆ دەکرێت، بەگشتی لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی پیشان دەدات. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە جیاکەرەوە و ناسنامەیەکە کەسێکی پێ دەناسرێتەوە.

ئاماژەی بەوەش دا کە مەبەستی جیاواز لە پێدانی نازناودا هەیە، لەوانە: ناسینەوە، پیاهەڵدان، ناوزڕاندن یان گاڵتەپێکردن. بناغەی دیاریکردنی نازناوەکەش: پیشە، شوێن، ڕووخسار، ڕەوشت و ڕەفتار، لایەنی ئابووری، سیاسی و ئاینیی کەسەکەیە، کە هەندێ جار ئارەزوومەندانە و هەندێ جاریش دەوروبەر بەبێ ئارەزووی کەسەکە ئەو نازناوەی پێوە دەنێن.

مەولوود ژاکاو، مامۆستا و شاعیر، شارەزا لە کولتووری کۆییان، لەبارەی نازناوەکانی کۆیەوە دەڵێت خۆم نازناوی ژاکاوم هەڵبژاردووە، کە ئاماژەیە بەو دەردەسەرییەی بەسەر کورددا هاتووە. سەبارەت بەزۆریی نازناویش لە کۆیە لەچاو شارەکانی دیکە، ژاکاو گوتی، ئەوەی لە کۆیە هەبووە بۆ ناسینەوەی کەسەکان بووە، چونکە گەر بتگوتبایە فلانی کوڕی فلان کەس نەیدەزانی کێیە تا نازناوەکەت نەگوتبا. ●


دیمەنێکی کۆیە

## گەشتی ماتۆڕسیکلی ژنێك لە دوبەیەوە بۆ هەولێر

# ”کە گەیشتمە کوردستان هەستم بەئارامی و ئاسوودەیی کرد“


**دنیا سوبحی**

ژنێکی ئیماراتی لە شاری دوبەیەوە بە سواری ماتۆڕسیکل سەردانی هەولێر دەکات و دەڵێت خەونەکەی هێناوەتە دی.

ئەگەر گەشتکردنی تاکەکەسی بەماتۆڕسیکل و گەڕان بە وڵاتاندا بۆ پیاوانی ڕۆژئاوایی ئەرکێکی ئاسان بێت، ئەوا بۆ ژنێک لە وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامییەوە ئەستەمە، بەڵام ئەوەی فاتیمە لۆغانی وەک یەکەم ژنە عەرەب توانیویەتی خەون و حەزەکەی بەدی بهێنێت و بەماتۆڕسیکل گەشتی چەند وڵاتێک بکات، پێشهاتێکی نوێیە.

فاتیمە بەماتۆڕسیکلەکەی گەشتی هەریەک لە وڵاتانی سعودیە، کوێت، عومان، تورکیا و هەرێمی کوردستانی کردووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ (گۆڵکەند) باس لەوە دەکات کە بەهۆی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانی و دایکایەتییەوە، خەونەکەی کە گرەوێکی گەورە بووە لەگەڵ خودی خۆی، تا ساڵی ٢٠٢٣ دوایخستبوو. لەو کاتەوە مۆڵەتی ماتۆڕسواری بەدەست هێناوە و بەماتۆڕسیکل گەشتی ئەو وڵاتانەی کردووە.



وێنەیەکی فاتیمە لۆغانی لە هەولێر

گەیشتن بەهەولێر حەزێکی تایبەتی فاتیمە بووە، ئەو دەڵێ: گەشتەکەم بۆ کوردستان و هەولێر بەتایبەت، گەشتێکی ئاسایی نەبوو. پێشتر زۆرم لە بارەی باشیی خەڵکەکەی و سروشتە جوانەکەی، بیستبوو.

ئەو گەشتە بەبڕینی سێ هەزار و ٢٠٠ کیلۆمەتر بەناو خاکی شانشینی سعودیە و کوێتدا بووە تا گەیشتووەتە دەروازەی سەفوان لە بەسرە، ڕۆژی ٦ی نیسانی ٢٠٢٥ دەستی پێ کردووە. دواتر لە ڕۆژی ٩ی نیسان لە سەفوانەوە بەبێ لادان بۆ هیچ شارێکی عێراقی و بە ٣٠ کاتژمێر ماتۆڕسواریی پچڕ پچڕ، هەوڵی گەیشتن بە هەولێری داوە و ڕۆژی ١٢ی هەمان مانگ، گەیشتووە.

فاتیمە لۆغانی ماوەی حەفتەیەک لە هەولێر ماوەتەوە. چەندین هەڵوێستی مرۆیییانەی جوانی خەڵکەکەی لای خۆی تۆمار کردووە و سەردانی چەندین شوێنی گەشتیاریی هەولێری کردووە.

بەر لە گەشتەکەی، ئەو ژنە ئیماراتییە جگە لە دابینکردنی پێویستییەکانی سەلامەتیی خۆی و ماتۆڕسیکلەکەی، بەدواداچوونی بۆ یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆی ئەو ناوچانە کردووە، کە پێیاندا تێدەپەڕێت.

گەیشتنی فاتیمە لۆغانی بە کوردستان، هەستێکی جیاوازی پێ بەخشیوە. ئەو دەڵێ: کە گەیشتمە کوردستان، هەستم بە ئارامی و ئاسوودەیی کرد. خەڵک بەخۆشەویستی و تێڕامانەوە پێشوازییان لێ کردم.

فاتیمە لەو گەشتەیدا، بەتەواوی هەستی بەجیاوازییە سروشتییەکانی کوردستان و عێراق کردووە. لە گێڕانەوەکەیدا بەردەوام دەبێ و دەڵێت: ”هەرکە لە کوردستان نزیک بوومەوە، هەستم کرد سروشت گۆڕانکاریی بەسەردا هات. بیابانە چۆڵ و بەرینەکان نەمان و ڕێگەی شاخاوی و چیاییم هاتنە پێش. وەک ئەوەی زەویی کوردستان بەشێوازێکی جیاواز و دڵێکی گەورەوە، پێشوازیم لێ دەکات.“

ئەو ژنە گەشتیارە ئیماراتییە، کە ئاڵایەکی وڵاتەکەی لە ماتۆڕسیکلەکەی بەستبوو، لە یەکەم خاڵی پشکنینی هەولێر، تووشی پرسیارێکی سەیر بووە، فاتیمە دەڵێت: “ئەفسەرێک پێی گوتم (این عائلتک؟)”، ئەو پرسیارە لە هزری ماوەتەوە و دواتر تێ گەیشتووە ئەفسەرەکە مەبەستی بووە بڵێ خەڵکی کوێی؟ چونکە بۆ ئەو ئەفسەرە ئاسایی نەبووە ژنێکی عەرەب بەماتۆڕسیکل سەردانی کوردستان بکات.

فاتیمە لۆغانی ئەوەش دەگێڕێتەوە: ”ئەو ئەفسەرە زۆر بەنەرمونیانی و ڕێز و خۆشەویستییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردم. دوای ئەویش ئەفسەرێکی پاسپۆرت بەخەندەیەکەوە پێی گوتم (بەخێر بێی بۆ کوردستان).“

ئەو ژنە ئیماراتییە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەوەشی دەربڕیوە کە ئێستە تێگەیشتووە لەوەی هەولێر دەبێتە شارێک بۆ هەمیشە لە دڵیدا جێنشین دەبێت.

سڵاوی خەڵک و شۆفێرانی هەولێر لەسەر شەقام و ڕێگەبەردان بۆ ئەوەی بەئاسانی تێپەڕێ، بەبێ ئەوەی داوایان لێ بکات، هێندەی تر خۆشەویستیی فاتیمە لۆغانی بۆ هەولێر زیاد کردووە. ئەو دەڵێت: “گەشتەکەم بۆ هەولێر بووە چیرۆکێکی لەبیرنەکراو، هەولێر وای لێ کردم ئاوێتەی بم و ببمە بەشێک لەو شارە“. ●



وێنە: کەیلان حاجی

بەردەم قاوەخانە مەچکۆ

---

## بتشکێن



گۆران سەباح

# گەلی پڕ شاعیر گەلێکی دواکەتووە

تەنیا لە هەولێر حەفتسەت شاعیر هەن. لەو بەریتانیا گەورەیە، تەنیا ١٨٠ شاعیر هەن. لەو یابانە، تەنیا سێسەت شاعیر هەن، بە هایکۆچی و تانکاچیشەوە.

ڕەنگە لە کوردستان، زیاتر لە دوو هەزار شاعیر هەبن. ئەوجە لەو سەین و بەینەدا، دەگەمە ئەو ئەنجامەی هەر وڵاتێک شاعیری زۆر بێت، وڵاتێکی دواکەوتووە. بنۆڕە سۆماڵ و ئەفغانستان و زیمبابۆی، شاعیر کراشەی دەکات.

ئەدی فەیلەسووف و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس؟ چەندمان هەیە؟ تەنیا لە دهۆک، سی و دوو ڕۆماننووس هەن! بێتو جەردێک بکەین، ڕەنگە لە کوردستان سەت و پەنجا ڕۆماننووس هەبن، بەڵام تەنیا هەشت یان نۆ ڕۆماننووسی پڕۆفێشناڵ هەبن. ئەمە ڕاستە بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و چیرۆکنووسیش.

کورد گۆتەنی زۆر و بۆر. ئەرێ لۆ وایە؟ لۆ ئەو هەموو نووسەرەمان هەیە؟


کاتی خۆی کە ڕەشپێستەکانیان لە ئەمەریکا دەچەوساندەوە، خوی خۆیان دایە وەرزش و هونەر. باشترین یاریزانی باسکە و باشترین هونەرمەندی ئەمەریکایان لێ دەرچوو. لە عێراق، کە کوردیان دەچەوساندەوە، خوی خۆیان دایە نووسین. شیعر بووە پەناگە و ئارامگە بۆ دەربڕین و بەتاڵکردنەوەی هەناو. لەوەدا لاریمان نییە.

بەڵام ئێستە گرفتەکە چییە؟

تاک ئازادە هەرچی بێت. با بە کەیفی خۆی بنووسێت، بەس ئەو کاتە دەبێتە گرفت و خەم، بابای شاعیر، ڕۆماننووس یان ڕۆژنامەنووس وەهمێکی لۆ دروست بێت، پێی وا بێت عاسمان کون بووە، ئەوی لێ بەربوویەتەوە. پێی وابێت بەشیعر و نووسینەکانی خزمەتی نیشتمان دەکات و دەبێ کوردستان مەمنوونی بێت لە بەرانبەر بەخششەکانی.

لە لایەکی دیکەوە هەموویان پێیان وایە باشترین شاعیرن، باشترین ڕۆژنامەنووس و باشترین ڕۆماننووسن. ئەوەیە سیفەتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، تاکەیلی پێیان وایە زۆر موهیمن و هیچیش نین. ئەو وەهمە وا خەریکە کورد دادەڕمێنێت. وشەی «نازانم» لە فەرهەنگی کورددا نییە، هەمووی پێی وایە هەموو شتێک دەزانێت، پێی عەیبە بڵێت نازانم.

بریا خەمەکە هەر شاعیر و ڕۆماننووس با. خەمی ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسە نەدیتکە و نەزانە، خەمێکی گەورەیە. ئەدی ئەو هەموو شرۆڤەکارە؟ ئەو هەموو پاڵەوانە فسۆڵەی سۆشیال میدیا؟ ئەو هەموو فەیلەسووف و قسە زلانە. ئەو هەموو ڕۆشنبیرە بیرکۆرە. نالی گوتەنی ئەمانە هەمووی (گوو لە ئاوکەر)ن. کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبەن. نەبن چێترە. ●


وێنە: سەردار ستار

# عەلی عاشق

کوڕێکی سرێشمەیی لە ٢٤ ساڵیدا عاشقی کچێکی خزمی دەبێت و پێی ناگات، لە حەژمەتان گوندەکەی بەجێ دێڵێ و لاچەپێکی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ دەکاتە پەناگە و تا دەمرێت لەوێ دەبێ. ئەو گەنجە ناوی عەلی عەبدوڵڵا بوو، دوایێ ناسناوی عەلی عاشقی وەرگرت، لە شوێنێك کە هەر بە عەلی ناسراوە تەمەنی خۆی بەڕێ کرد، بەڵام هی یەکەمیان عەلی بەگ و هی دووەمیان عەلی عاشق.

# گەلی عەلی بەگ

## لە بازگەیەکی باجەوە بۆ پەناگەی عاشقێك

**سیروان مەحموود ئەرگۆشی**

گەلی عەلی بەگ کە ٩٥ کم لە ناوەندی هەولێر دوورە، بەدرێژاییی ١٢ کم لە نێوان هەردوو چیای کۆڕەک و برادۆست هەڵکەوتووە، هەریەک لە ڕووبارەکانی (ڕواندز، سیدەکان و خەلیفان)ی پێدا ڕەت دەبن. لە بارەی ناونانی هەژار موکریانی، لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی (١٩٨١) لە درێژەی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر میرنشینی سۆران هاتوون دەنووسێت «عەلی بەگ میری سۆران کاتێک لە ساڵی ١٦٠١ فەرمانڕەوایەتیی گرتە دەست، پایتەختی بردە حەریر، پردێکی بەردینی لە دواوانی باڵەکیان و ڕەواندز لەسەر زێ هەڵبەست و ڕێگەی گەلی بۆ کاروانەڕێ خۆش کرد و لەوساوە بەگەلی عەلی بەگ ناسراوە«، لە هەمان کاتدا لەسەر ئەو پردە باجی لە کاروانچییان وەرگرتووە. واتە بەپێی ئەو سەرچاوە مێژووییە بێت، مێژووی ناونانی ئەو گەلییە بە گەلی عەلی بەگ بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە.


لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا وێنەیەکی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ کەوتە سەر دراوی ئەو کاتی عێراق، ئەمەش عێراقییەکانی بەدیمەنێکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاریی کوردستان ئاشنا کرد، لەمەبەدوا گەشتیارێکی زۆر لە ناوەڕاست و باشووری ئەو وڵاتەوە سەردانی کوردستانیان دەکرد بۆ دیتنی گەلی عەلی بەگ.


لەو کاتانەدا گەشتیاران لەگەڵ گەڕان بەناو سروشتە دڵڕفێنەکە، پیاوێکی ئەسمەری قژ ماش و برنجیشیان لە دەوروبەری تاڤگەکە بەرچاو دەکەوت.

بەر لەوەی وێنەی تاڤگەکە بکەوێتە سەر دراوی عێراقی، عەلی عاشق گۆشەیەکی ئەوێندەرێی وەک مەنزڵگەیەک بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، ئەو کە بەخۆشەویستەکەی نەگەیشت، خەم و ناسۆرەکانی دڵی بە خووڕەی تاڤگە دەسپارد.

عەلی عاشق دەیگوت ئەگەر جەژن یان هەر بۆنەیەکی تر بێت، ناتوانێ ئەو شوێنە بەجێ بێڵێت، چەند جارێک داوەتیان دەکرد بۆ سۆران، بەڵام ئەو نەیدەتوانی چەند کیلۆمەترێکیش لە تاڤگەکە دوور بکەوێتەوە.

عەلی عاشق، کە لەدایکبووی ١٩٣٧ بووە، دوای ئەوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە پاڵ گەلیدا ژیا، لە ٢٠٢٠/١٠/١٣ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە ڕواندز نێژرا. ●


دیمەنێکی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ لە وەرزی گەشتوگوزاردا


وێنە: سەردار ستار

### ”بەمنداری حەزم لێ بوو ترومبێلی باژۆم“

# یەکەم ژنە شۆفێری تەکسی لە ڕواندز

دووریا ئازاد جندیانی

لە ناوچەیەکدا کە هێشتا ژن هێڵی تۆخ بە چواردەوریدا کێشراوە و ڕێگری لە خولیا و خواستەکانی دەکرێ، خاتونێک پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ڕێگەیەکی جیاواز و نەختێک قورس دەگرێتە بەر، ١٣ ساڵە تاکە شوفێری تاکسییە لە شارەکەی.

پەیمان سۆفی ئێستە تەمەنی ٥٤ ساڵە، هەموو ڕۆژێ بەبێدەنگی ڕێگە پێچاوپێچەکانی کۆمەڵگە و شارەکەی دەبڕێت، ڕێبواران لە خاڵێکەوە دەگوازێتەوە بۆ خاڵی مەبەست.

چیرۆکی ئەو ژنە تەنها لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلێک و گواستنەوەی ڕێبواران نییە، بەڵکو پەڕینەوەیە بەسەر ئەو بەربەستانەی کۆمەڵگە نەوە لە دوای نەوە بەسەر ئازادییەکانی ژنانیدا سەپاندووە.

پەیمان خەڵکی ڕواندزە، دایک و باوکی نەماون، لەگەڵ خوشک و براکەی لە ماڵێکدا دەژین، بە تاکسییەکەی بژێوی پەیدا دەکات، لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا وەک خۆی دەڵێ بەربەستێکی وەهای نەهاتووەتە ڕێ کە جێی باسکردن بێت.

بە باوەڕ بەخۆبوونەوە دەڵێ “لە خوای بەزیاد بی، خەرک لێم ڕازینە، بەخۆشم ئیوهە ئەزانم کە نەفەر وکی دەگەرە من سوار ئەبیت زۆر کەیف خۆشترە لە سایەقی دی.”

پەیمان لە تەمەنی ٤١ ساڵییەوە دەستی بەو کارە کردووە و دەڵێ “خوا گەورەیە، دەست لەو ئیشەی هەرناگرم، چونکی بەمنداری حەزم لێ بوو ترومبێلی باژۆم، ئێجا ئێستەکە بویتە مەسدەر ڕزقیشم. هەتا پێم بکرێ و لۆم بچیتە سەر واز لە سایقیێ ناینم”.

ئەو ماوەی ١٣ ساڵە تاکە شوفێری ژنە کاری تاکسی دەکات، پێی خۆشە ژنانی دیکەش لە سنووری ڕواندز و سۆران دەست بەو کارە بکەن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

لێخوڕینی تاکسی لەناو شارێکی پێچاوپێچ و پڕ بەرزی و نزمیی وەک ڕواندز، هەروەها لە شارێکی قەرەباڵغی وەک سۆران، بێ ڕووداوی هاتوچۆ نابێت، پەیمانیش وەک هەر شوفێرێکی دیکە تووش بووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ خۆشبەختانە زیانی گیانیی لێ نەکەوتووەتەوە.

خوشک و براکەی هاندەر و پشتیوانیی سەرەکیی ئەو ژنە بوون بۆ دەستکردن بە کاری شۆفێریی تاکسی و دەڵێ ئێستەش ئەوان هەوێنی بەردەوامبوونی ئەون لە کارەکەیدا.

لە ژیانی ڕۆژانەدا هەر کەس تووشی کێشە دەبێت، بەڵام وەک ژنە شۆفێرە تاقانەکەی تاکسیی ڕواندز باسی دەکات، تا ئێستە تووشی کێشەیەکی گەورە نەبووە لەسەر کارەکەی، بۆ ئەوەش سوپاسی هاوشارییەکانی دەکات، هەروەها ڕۆڵی شۆفێرانی پیاو باش هەڵدەسەنگێنێ و ئاماژە بەوە دەکات کە شۆفێران بە گشتی ماندوون و هیوای سەلامەتی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێت.

ساڵی ١٩٠٨ یەکەم ژن لە مێژوودا بەناوی مەدام دیکۆرسێل بوو بە شۆفێری تاکسی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، ئەمەش دوای ئەوەی لە ١٩٠٦ەوە چەندین ژنی تر هەر لە پاریس هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی شۆفێری تاکسییان دا، بەڵام بەهۆی ئەوەی پیشەکە بۆ چەندین ساڵ بوو لەلایەن پیاوانەوە قۆرغ کرابوو، بە ناچاری کشابوونەوە و وازیان هێنابوو. لە نیویۆرکی ئەمەریکاش یەکەم ژنە شۆفێری تاکسی بە ناوی ویلْما ڕۆزێی لە ساڵی ١٩١٥دا دەستبەکار بوو. ●



پەیمان سۆفی لەکاتی شوفێری



غەیاسەدین نەقشبەندی

## ژن و شۆفێری تەکسی

ئێوارەی ڕۆژێکی گەرم چوومە بازاڕ، کەڵکی مانەوەی نەبوو، زوو کاری خۆم تەواو کرد و تەکسییەکم ڕاگرت، بەو هیوایەی ساردییەکەی کار بکات، شوفێر نزیکەی حەفتا ساڵ دەبوو، هەستم پێ کرد لە خۆیەوە ناوە ناوە نەتلەیەکی پێ دەکەوی، منیش بەئاساییم وەرگرت. گەیشتینە جادەی باتا، کۆمەڵێک ژن بەمنداڵەوە دەپەڕینەوە، ئەویش چاوەڕێی کردن، بەڵام زیاتری لە پێویست خایاند، منیش بەبێ مەبەست لە خۆمەوە گوتم: ئای ژن، کو دنیایان خواردییە! هەر ئۆندەم گۆت، ئەجندەکە لە فانۆسەکەی دەرهات! کابرای شوفێر سەد جنێوی بە ژنان دا و دوو سەدیشی بە ژنی خۆی.

گۆتم: دیارە ژن زۆریان ئەزیەت دای، گۆتی: هەر لێ گەڕێ مامۆستا، ئەوە چل ساڵە ژنم هەیە و لە قوڕگی دەکەم، هەموو ڕۆژێ بەمن دەڵێ ئەتو چت لۆ من کردییە؟ ڕۆژی خۆشم لەگەڵی نەدیتییە، سبەینان زوو دەردەچم و شەوان نایێمەوە حەتا دەتۆپی!

پێم گۆت: کو ئۆندە سارە بەرگەت گرتییە؟ کێ نارێ ئەتو لەگەری خراپی؟ لۆ جودا نەبووینەوە؟ گۆتی: برایەکانی شەقاوە و چەکدارن، ناوێرم تەراقی دەم.

پەشیمان بوومەوە ئەو قسەیەم کرد، ناچار هەوڵم دا مژارەکە بگۆڕم، پێم گۆت: گێ بدێ با نوکتەکت لۆ بگێڕمەوە، ڕۆژەک سایەق تەکسییەک ژنەکی زۆر جوانی سوار کرد، ناوە ناوە لە ئاوێنە تەماشای دەکرد، ژنەکە هەستی پێ کرد، بەڵام هیچی نەگوت تا گەیشتنە بەر دەرگەی ماڵ، ئەوجە ژنە پێی گۆت لێرە ڕای گرە، حەقت چەندە؟ کابرا گۆتی پارەت لێ وەرناگرم. ژنە بەتووڕەیی گۆتی لۆ وەرناگری؟ چت لەگەر من هەیە؟ عەیب ناکەی شەرم ناکەی لۆ پارەی وەرناگری هەی بێ ئەدەب؟ سایەقیش ڕسمەکی لە باغەڵی دەرهینا و گۆتی خوشکم، وەڵا هیچم لەگەر تو نییە، تەماشا بکە ئەوە ژنی منە، پێم غەدرە پارەی لە نازدارەکی وەکو تو وەربگرم و بیدەمە ئەو سەیەی!

جەوەکە گۆڕا، سایەق زۆر پێ کەنی، ئەو هەموو تووڕەبوونەی بووە پێکەنینێکی گەورە، هاتەوە سەرەخۆی و ناوە ناوە سەیرێکی دەکردم و دەیگۆت ناوەڵا نایدەمە ئەو سەیەی!

گەیشتینەوە لای ماڵ، گۆتم کاکە تەواو لێرە ڕاگرە، دەستخۆش، پارەت چەندە؟ گۆتی: وەرناگرم، بە تەڵاقم وەرناگرم. گۆتم: کاکە لۆ وەرناگری؟ نابی، دەبی وەرگری. گۆتی ئەتو لە بازاڕەوە قسەی خۆشم لۆ دەکەی، دڵی منت خۆش کرد، خوا دڵت خۆش کا، پارەی لە تو وەرگرم بیدەمە ئەو سەیەی؟ ئەمنیش هاتمە خوارێ و چار هەزارم لە پەنجەرەی فرە دا ژۆرێ.

سەیارەکەی ڕاگرت و بەدووم کەوت، دەیگۆت: مامۆستا ژمارەم بنووسە، هەر پێویستت بە تەکسی بوو تەلەفۆن بکە، وەڵا دێم بە بەلاش هاتوچۆت پێ دەکەم. ●

# مەعروف جیاووک

## چەخماخەی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا بوو

**مەریوان مەسعود**

بەر لەوەی پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆر بکرێت، کورد لە هەموو ئاستەکان دەنگی ناڕەزاییی لێ بەرز بووەوە، چونکە چ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئەو کاتی عێراق و چ وەزیر و بەرپرسانی حکومیی کورد لەو سەردەمەدا، تەنانەت سەرکردایەتیی کوردیش لە باشووری کوردستان بە گومانەوە لە پەیماننامەکەیان دەڕوانی و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕان کە ئایا پرسی دوارۆژی کورد لە پەیماننامەکەدا چییە و چۆن مافەکانی کورد زامن دەکات؟ بەتایبەت کە هیچ بڕیاربەدەستێکی کورد ئاگەداری ناوەڕۆکی پەیماننامەکە نەبوو.

ئەم پەیماننامەیە سەرەتای دروستبوونی ناڕەزایی بوو لە بەغدا و کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عێراق، کە دواجار سەری کێشا بۆ ڕاپەرینی بەردەرکی سەرای سلێمانی و چەندین کەس تێیدا شەهید و بریندار بوون و دواجاریش سەرکوت کران.


ئەوەی لەو ڕووداوەدا جێی سەرنج و گرینگ بوو، بوێری و ئازایەتیی مەعروف جیاووک نوێنەری ئەو کاتی شاری هەولێر بوو لە پەرلەمانی عێراق، کە هەڵوێستەکانی ئەو و قسە و ناڕەزایەتییەکانی، بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی، کە تا ئێستە ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکیی ئەو کەسایەتییەی هەولێر نەکراوە.

بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیا، کە د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا) بڵاوی کردووەتەوە، یەکەم دەنگی ناڕەزایی دژی پەیمانی عێراق - بەریتانیا، لەلایەن مەعروف جیاووکەوە بووە و لەم بارەیەوە نووسراوە: «ڕۆژی سیانزەی شوباتی ساڵی ١٩٣٠ کۆنترین مێژووە کە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی ناو ئەم فایلەی حکوومەتی بەریتانیا، باسی هەڵوێستێکی نوێنەری هەولێر مارف جیاووکمان بەم جۆرە بۆ دەگێڕێتەوە: لە بەغدا مارف جیاووکی نوێنەری هەولێر یەک دوو هەوڵی خۆنیشاندەرانەی دا بۆ وروژاندنی مەسەلەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا کە لە بەڵگەنامە ئینگلیزییەکە نووسراوە (made one or two sporting efforts)، ڕۆژی سیانزەی شوباتی ساڵی ١٩٣٠ زۆر بەڕاشکاوی ئەم پرسیارەی کرد: ئایا مافەکانی کورد لەو پەیمانە نوێیەدا دەپارێزرێ کە لەگەڵ بەریتانیادا مۆر دەکرێت؟".

کاتێک لە ١٩٣٠/٨/٨دا وەفدێکی هاوبەشی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی بەریتانیا کە پێک هاتبوو لە جەعفەر عەسکەری وەکیلی سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەکیلی مەندوبی سامی و چەند بەرپرسێکی دیکە، سەردانی هەولێر دەکەن بۆ دانوستاندن بۆ قەناعەت پێهێنانی سەرکردایەتیی کورد لە ناوەڕۆکی پەیماننامەکە، مەعروف جیاووک هەڵوێستێکی کوردانە و بوێرانە دەنوێنێت و بەڕاشکاوی داوای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەوسای (عەسبەتول ئومەم - کۆمەڵەی گەلان)ی لەمەڕ کێشەی کورد دەکات.

لە بارەی قسەکانی نوێنەرە بوێرەکەی هەولێر، د. کەمال مەزهەر دەڵێت: «مارف جیاووک بەرامبەر وەفدە باڵا هاوبەشەکە لەناوجەرگەی هەولێر وتی: جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبا مومکین نییە بە سوڕەتی تەوحید (جیاووک پەنجەکانی خستە ناو یەکتر) بەو سوڕەتە بژین، فەقەت بە سوڕەتێکی (ئینجا ئەمجارە پەنجەکانی جووت کرد) گوتی: قابیلە بەم نەوعە وەکو ئوستریا و مەجارستان بژین.


ناوەڕۆکی ئەو هەڵوێستەی جیاووک لە ژمارە (٢٥٧)ی ڕۆژی ١٤/٨/١٩٣٠ی ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاو بووەوە، کە پیرەمێرد لە سلێمانی دەری دەکرد. لە سەرتاسەری باشووری کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، لە هەمان ڕۆژدا چەند جموجۆڵێکی گەنجانە دژی حکوومەتی عێراق لە ناو شاری سلێمانی لە چایخانە و شوێنە گشتییەکان دروست بوو، پاشان لە ڕۆژی دووی ئەیلوول واتە تەنها (٤) ڕۆژ بەر لە ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرا، بەرپرسانی ئەو کات نامەی هەڕەشەیان بۆ هەموو بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکان نارد کە بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە بیر لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی بکەنەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، چونکە ئەو چەخماخەیەی مارف جیاووک لە هەولێرەوە هەڵی گیرساند، لە شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە بەردەرکی سەرای سلێمانی تەقییەوە و گەورەترین خۆپیشاندان دژی حکوومەتی ئەوسای عێراق کرا و دواجار بوو بەڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا. ●



پۆرتریتی مەعروف جیاووک

---

## 300 لۆهەولێر



شێرزاد هەینی

### گاد گرۆس

ئەو دەمانەی فریاد ڕواندزی ڕۆژنامەنووس بوو لە هەولێر، زوو زوو دیدارمان دەبوو، ڕۆژێکیان گوتی؛ وا باشە کارێکمان بۆ بکەیت، ماندووبوونی تۆش بەرچاو دەگرین!

گوتم؛ چییە؟ گوتی؛ لە سلێمانی پەیکەرێکمان بۆ ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی بەناوی گاد گرۆس کردووە، لە ڕاپەرین لە کەرکووک شەهید بووە. تۆ بڕۆ پەیکەرەکە بێنەوە. بنکە، دیوار، نەخش، نووسین، یاد، شوێنی بۆ دابین بکە، خۆت چیت پێ باشە وا بکە.

لە شارەوانی ڕەزامەندیم وەرگرت لە ئیسکان دابنرێت، لە بیرم نییە بۆ و چۆن بڕیارمان دا لەوێ بێت!

چووم وەستا، بەرد، چیمەنتۆ، مەڕمەڕ، تەختەی نووسینم ئامادە کرد، چەند ڕۆژێک لەگەڵ وەستا و کرێکارێک خەریکی بنکەکە بووین. ئەوەی لایەدا و دەیپرسی چی دەکەن؟!

چونکە ئەو دەمانە پەیکەر لە ناو هەولێردا نەبوو، یان بڵێین دەگمەن بوو، ئەوەی هەبوو؛ بنکە، پێناسەی وا بەرزی بۆ نەکرابوو، سادە بوو!

پاش تەواوبوونی بنکەیەکی پتەوی ئەستووری حەلان و مەڕمەڕ.

لە سلێمانی، لەگەڵ قادر میرخانی هونەرمەندی ناسیارم چووینە ماڵ و گەلەری و مۆزەی هونەرمەند دارا حەمە سەعید.

ئێوارە بوو، بەتەنیاش بوو. سەرەتا هەموو بەرهەم، چالاکی و جوانییەکانی ماڵەکەی لە ئەرشیف و کارە وردە شیرینەکانی نیشان داین، زوو زووش دەیگوت؛ پەیکەرتاشی سەقەتی کردووم، پشتم زۆر ژان دەکات!

چووینە کارگەکە، لەوێ پەیکەرە سپییەکە، وەک ئەوەی بڵێت؛ ئامادەم بمبەن، دامنێن، بەرزم بکەنەوە، بەسە لێرە دانراوم!

دارا گوتی؛ کارەکە تەواوە، وەرن باری بکەن. من زنجیرێکم بە سەقفەکە بەستاوەتەوە بەرگە دەگرێت، بەوە ڕایکێشنە دەرەوە، شوێنەکە گەراجێک بوو!

چوومە عەلوەی سلێمانی، لەوێ پیکەبێکی دوو تۆنی هەولێریم دۆزییەوە، گوتم بە بەتاڵی مەگەڕێوە، من بارێکم هەیە! چووین و پەیکەرەکەمان بە ڕێنماییی ‹‹دارا›› بار کرد و دەرچووین!

کە گەیشتن چۆن بارەکە داگرین، کێ هەیە، کوا بەرزکەرەوە، گوتیان لە کن نەقلیات کابرایەک هەیە، هات بە پەنجا دینار بۆی بەرز کردینەوە، لە شوێنەکەی خۆی باش و پتەو داینا!

شارەوانیی هەولێر، ڕێورەسمی پەردە و ئاهەنگ و شیرینییەکەی گرتە ئەستۆ.

بۆ پەردەکەش چوومەوە ماڵ، دوو بەرگە لێفی سپیی خاوێنم لێک دا، هونەرمەند نەجات جەوهەر لەوێ دارتاشیی دەکرد، ئاسانکارییەکانی بۆ کردین، پەردەکەمان ساز کرد! بەئاهەنگێکی خنجیلانە پەردە سپییەکەمان لەسەر لادا.

تێچووەکەی لەلایەن دایکی گاد گرۆس دابین کرابوو، وا بزانم حوسێن سنجاری پەیوەندییەکەی کردبوو. ●

# عەزیز ئاکرەیی

# تۆپەکانی گواستەوە بۆ بالیسان

د. سنوور سەباح


بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی لیوای هەولێر ژمارەی خەمڵێندراوی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول لە دۆڵی بالیسان ئاشکرا دەکات.


بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی لیوای هەولێر بە پشتبەستن بە فەرمانگەی ئەمنیی ڕواندز، لە نووسراوێکدا کە لە ٢/١١/١٩٦٥ بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ناردراوە، ڕای گەیاندووە کە پێشمەرگە لە پردی زەردەوە لەسەر ڕێگەی گەڵاڵە – سەرکەپکانەوە بۆ نزیک زینەتیر ڕێگەیەکی کردووەتەوە.

هەروەها لە نووسراوەکەدا هاتووە، موقەدەم عەزیز ئاکرەیی بەو ڕێگەیەدا و بە دوو ئۆتۆمۆبێل تۆپی گواستووەتەوە بۆ دۆڵی بالیسان و ئۆتۆمۆبێلەکانیش بریتی بوون لە لاندرۆڤەر و شۆفێرەکانیشیان هەردوو پێشمەرگە، سۆفی حەسەن و عەبدە ڕەش بوون.

ئاماژەش بەوە کراوە کە مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی ئەیلوول لە بروسکەیەکدا داوای لە عەزیز ئاکرەیی و حاجی بێرۆخی کردووە هێزەکانیان بگوازنەوە بالیسان بۆ ئەوەی لە سنووری زینەتیر بڵاو بکرێنەوە.

ئەو هێزەی پێشمەرگە کە ئەوکات لە سنووری بالیسان و زینەتیر بووە، بارزانی خۆی سەرپەرشتیی کردوون و بەپێی خەمڵاندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی لیوای هەولێر، ژمارەیان ٥٠٠ پێشمەرگە بووە.




بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
مديرية أمن لواء اربيل
العدد/ ١٢٥٦
التاريخ ١/١١/٩٦٥
الى/ متصرف لواء اربيل
م/ معلومات
يؤكد من برقية آمر راجدوز ٧٢٨ في ١/١١/٩٦٥ بانه :-
١- ان العصاة قاموا بفتح الطريق في جسر الاصفر الواقع بطريق كلالة الى سركبكان ... الى القرية الواقعة قرب مضيق زينه تير وان المقدم عزيز عقراوي قام بنقل المدافع بواسطة سيارتين من نوع لاندروفر بتاريخ ٢٥/١٠/٩٦٥ بواسطة السائق صوفي حسن الهارب من موقف راوندوز والسائق الملقب (عبده رش) سابقاً في كراج راوندوز نحو زينه تير.
٢- ان البرزاني قد ارسل برقية الى المقدم عزيز عقراوي وحاجي بروخي في يوم ٢٥/١٠/٩٦٥ لجلب قوتهم الى منطقة باليسان لتوزيعهم على المنطقة الواقعة قرب مضيق زينه تير وان البرزاني قد يقوم بالاشراف على المتمردين. القوة (٥٠٠) عصاة تقريباً. للتفضل بالعلم رجاء.
وليد سلطان
م/ مدير امن لواء اربيل
صورة منه الى/
قيادة الفرقة الاولى
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
مديرية شرطة لواء اربيل
مركز استخبارات اربيل

وێنە: سەفین حەمید

## سەربوردەی گۆرانی






وێنەیەکی محەمەد جەزا و ڕزگار خۆشناو کە ساڵی حەفتاکان لە شەقڵاوە گیراوە

# ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
# کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر

نازم دڵبەند

ساڵی ١٩٧٥، لە شەوەزەنگی نائومێدی کورداندا، بڵاوبوونەوەی شیعری (ئەشق و ئازادی)ی هێمن موکریانی و پاشتریش کردنی بەگۆرانی و تۆمارکردنی بەدەنگی هونەرمەند محەمەد جەزا، دڕی بەو تاریکییە دا و ئاهێکی وەبەر خەڵکی تینوودا هێنایەوە.

خەڵک پاش کەوتن، ئومێدی هەستانەوەی لەدەست نەدا، بەڵکو هونەر و ئەدەبی کرد بەچەکی مانەوە و هەستانەوە، ئەوێ ڕۆژێ خەڵک تینووی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە، چریکەی دەنگی مۆسیقا، نەعرەتەی ئەکتەرانی سەر شانۆ، کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی، کردنەوەی پێشانگەیەکی شێوەکاری بوون، ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا (تیپی موسیقای سلێمانی) بە گوڕەوە هاتەوە مەیدان و شۆڕشێکی هونەریی بەرپا کرد.

لەو دەمانەدا بوو هێمن موکریانی شیعری (عەشق و ئازادی) لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاو کردەوە، کە پاشتر لە دوو توێی کۆمەڵە شیعری (ناڵەی جودایی)دا چاپی کرد خەڵک بۆ کڕینی پێشوەخت ناویان لە کتێبخانەکان تۆمار دەکرد، ساڵی ١٩٧٧ ڕزگار خۆشناوی میوزیکژەن و هونەرمەند محەمەد جەزا بوێرانە شیعرەکەیان بەکاسێت تۆمار و بڵاو کردەوە.


لە بارەی تۆمارکردنی ئەو گۆرانییەوە، هونەرمەند ڕزگار خۆشناو بۆ (گڵکەند) گێڕایەوە کە پاش ئەوەی شیعرەکەی مامۆستا هێمنی شاعیر دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کوردستاندا هەبوو، هونەرمەند محەمەد جەزا داوای لێ کرد شیعرەکە بەشێوەی مەقامی (بەیات) تۆمار بکات، پاش چەند جارێک پرۆڤەکردن، لە هەولێرەوە دەچنە سلێمانی و لە ژوورێکی ماڵی باوکی حەمە جەزا کە وەک ستۆدیۆی لێ کردبوو، شیعرەکە بەتەسجیلی (گرۆنیک تاک ٤٦) کە (ئیفێکت)ی سەدای تێدا بوو، بە شەوێک تۆماری دەکەن.

سەبارەت بەگەیشتنی کاسێتەکەش بەهەولێر، جیهانبەخش کۆیی خاوەنی تۆمارگەی خەیام لە شەقامی موزەفەرییە، کە مافی بڵاوکردنەوەی کاسێتەکەی بەسەر تۆمارگەکانی سنووری هەولێردا پێ درابوو، ئەوەی ئاشکرا کرد؛ نوسخەی ئۆریژناڵی کاسێتەکەیان لای تۆمارگەی شێخ عوسمان لە سلێمانی هێنا، هەزاران دانەیان لێ فرۆشت، وەک خۆی دەڵێت «لە بەردەم تۆمارگەکاندا ڕیزی بۆ دەگیرا و بە چوار تەسجیل پێ ڕانەدەگەیشتم» لەوەیش ترساوە دەزگە ئەمنییەکان بەسەریدا بدەن و بیگرن.

ئەوان ڕۆژان کاسێتی (عەشق و ئازادی) بەدەنگی (حەمە جەزا) شۆڕشێکی هونەریی نەتەوایەتییانەی بەرپا کرد، بۆیە دوای ئەو کاسێتە، عەبدولغەفار سائیغ ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ئەو کاتی ڕژێمی لەناوچوو، بڕیاری بەشداریکردنی هەر ئاهەنگ و دەرکەوتنێکی هونەریی لە حەمە جەزا قەدەغە کرد.

# لەیلا بەدرخانی کورد لە میسر و هالەی میسری لە هەولێر


لەیلا بەدرخانی - سەماکەر


هالە فەرحان کاسا - سەماکەر

عەبدولعەزیز مەجید

ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوەی سینەما و شانۆ لە بەغدا بڕیار دەدات شان بەشانی تیپە هونەرییە میللییەکانی بەغدا و بەسرە، تیپی سەما و هەڵپەڕکێی تێکەڵ بەهەمان سیستەم لە هەولێریش بکاتەوە، ژمارەیەک کچ بوێرانە ناوی خۆیان تۆمار دەکەن، لەناویاندا کچە میسرییەکی نیشتەجێی هەولێر بەناوی هالە ناوی خۆی دەنووسێت و دەبێتە جێی سەرنج.

لە بەغداوە دوو ڕاهێنەر بەناوی ڕەشیدیانی سۆڤێتی و سەلمان محەمەدی فەڵەستینی بۆ ناونووس و تاقیکردنەوەی ئەو کوڕ و کچانەی دەیانەوێت ببنە سەماکاری تیپەکە، دێنە هەولێر، کە لەبەر دابونەریتی ئەو کاتی کۆمەڵگە بەئاسانی کچیان دەست ناکەوێت، بەڵام ژمارەیەک کچ ئەو بەربەستە دەشکێنن و دەبنە ئەندام، لەوانە: ڕووناک مەحموود، بوشرا ئیبراهیم، فاتیمە عەلی، حەنان عەلی، سەمیرە تۆما، سوهام حەسەن، سەوسەن سەعدون، نەسرین ئیبراهیم و گەلاوێژ تاهیر. ئەم خاتوونانە هەر کات پرسیاریان لێ بکرایە دەیانگوت «ئێمە بەهەستێکی نەتەوەیی و لە پێناو خزمەتکردن و ناساندنی کولتووری کوردیدا بەشداری دەکەین»، کە هەر زوو لەسەر دەستی ڕاهێنەرەکان بوون بە سەماکاری لێهاتوو، بەشێوەیەک دوای ساڵێک تابلۆکانی خۆیان بێجگە لە هەولێر و بەغدا لە وڵاتانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤیەت و نەمسایش نمایش کرد، ژمارەیەک تابلۆیشیان ئامادە کرد کە هەڵێنجراوی کولتووری ڕەسەنی کوردی بوون.

لەناو ئەو خانمانەدا کچە میسرییەک هەبوو بەناوی (هالە فەرحان کاسا)، نیشتەجێی شارۆچکەی (عەنکاوە)ی هەولێر بوو، هەر لە سەرەتاوە داواکاریی پێشکێش کرد و ڕاشکاوانە ڕای گەیاند نە کوردە و نە عێراقییە؛ بەڵام دەیەوێت خزمەت بەهونەر و هونەری میللیی کوردی و شاری هەولێر بکات کە تێیدا دەژی.

هالە میسری بوو بە ئەندام و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا، بەتایبەت لەو تابلۆیانەی لە گەرمەی سەماکردندا پێویستیان بەچریکەی جۆشدانی سەماکەر هەبوو، بەشێوەیەک جەماوەری ناو هۆڵ هێندەی سەرنجیان لەسەر چریکەلێدانەکانی (هالە) بوو هێندە سەرنجیان لەسەر ئەوانی دی نەبوو.

چیرۆکی ئەم کچە میسرییە هاوشێوەی چیرۆکی کچە کوردێکە بەناوی لەیلا کوردستانی، کە ساڵی ١٩٠٨ لە وڵاتی غەریبی لە ئیستەنبوڵ لەدایک بووە، لەبەرئەوەی باوکی باڵیۆز بووە ساڵی ١٩٢٦ دەچنە میسر و لەوێ ڕوو لە هونەری سەماکردن دەکات.

لەیلا کوردستانی کە ناوی تەواوی (لەیلا عەبدولڕەزاق بەدرخانە)، هەر زوو لە سەماکردندا هەڵدەکەوێت، بەشێوەیەک توانی لە ئەمەریکا و ئەورووپا پلەی باشترین سەماکاری کوردی بەدەست بێنێت و شان بەشانی سەماکارە جیهانییەکان سەما بکات؛ لەوانە هەردوو سەماکار (جیان فاندن) و (جۆزفین بیکەر). ●


وێنە: ڕێبەند سەعدوڵڵا

وێنەی تەلارێکی قەڵات کە بەم دواییە نۆژەن کراوەتەوە

---



پشتیوان عەبدوڵڵا

## ژووری تەقس

ڕۆژانە سەردانی ژووری تەقسمان دەکرد، کە ژوورێکی تایبەتی بچووک بوو لە ناو یانەی ڕاگەیاندن لە هەولێر، سەردەمێک بارەگەی حیزبی شیوعیی کوردستان بوو.

ژوورەکە، مەحموود زامدار ئەو ناوەی لێ نابوو و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو.

نووسەر و شاعیرانی هەولێر و هەندەک جاریش نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی سلێمانی و شارەکانی دی لێی کۆ دەبوونەوە، بەدەم گفتوگۆی ئەدەبی و هونەرییەوە، شەراب و مەیان تێدا دەنۆشی.

زامدار بەخۆی ژوورەکەی بەڕێوە دەبرد و گفتوگۆکانی ڕێک دەخست.

لە ژووری تەقسدا، مۆسیقا دەژەنرا، دەف لێ دەدرا، شیعر دەخوێندرایەوە، گۆرانی و مەقام دەگوتران، باسی هەموو شتێکی تێدا دەکرا سیاسەت نەبێت.

لە بارەی یەکەم مەرجی هاتنە ژوورەوە و بەشداربوون لەو ژوورەدا، زامدار دەیگوت بە ئەدەب وەرنە حزوور و جوانبینانە بڕوانن.

ئەوانەی بەردەوام سەردانی ژوورەکەیان دەکرد و بەشدار بوون، جگە لە زامداری بەڕێوەبەر، هاشم سەڕاج، کەریم دەشتی، سەعدوڵڵا پەرۆش، ئیسماعیل بەرزنجی، سەلاح حەسەن، ئیسماعیل گەیلانی، حەمەعەلی خان و فەیسەڵ دێهاتی بوون.

عادەتەن دوای تەواوبوونیش، سایەق تاکسییەکی بەر دەرگەی یانەکە زۆربەیانی دەبردەوە، چونکە ساڵانی دوای ڕاپەڕین کەم نووسەر ئۆتۆمۆبێلی خۆیان هەبوو.

شەوێک لەو ژوورەدا موناقەشەیەکی زۆر لەسەر شانۆگەری لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا کرا، جار جارەش زامدار دەفێکی پێ بوو دەیژەنی، کە تەواو بووین، شۆفێری تاکسییەکە لەوێ نەبوو، خەرکی دیکەی بردبوو، کارەباش نەبوو، تاکسییش کەم بوو.

زامدار بڕیاری دا بەدەم دەفژەنینەوە لە شەقامەکاندا بە پێ بڕۆینەوە تا تاکسییەک دەست دەکەوێت. بە پێیان کەوتینە ڕێ، زامدار دەفی دەژەنی، دنیا تاریک بوو. تووشی مەفرەزەیەک و سەیتەرەیەکی پێشمەرگە بووین. ڕایان گرتین و لە زامداریان پرسی ئەوە لە کوێ دێنەوە؟ زامدار گوتی لە تەکیە و ژووری تەقس، ئێمە دەروێشی جوانیین. پاسەوانەکە گوتی تەکیەی چی و ژووری تەقسی چی؟ ئێوە چین و چ فیکرەیەکن؟ زامدار گوتی قوربان ئێمە عەبەسیین، عەبەسی جەماعەتی ساموێڵ بیکێتین! پاسەوانەکە گوتی ئێوە بەعسیین؟ زامدار گوتی ترحێو! بابۆ بەعسی چ؟ عەبەسی عەبەسی! پاسەوانەکە تووڕە بوو، هەموومانی بەمێکزەمینێک بردە بنکەی بەرەی کوردستانی، گوایە کۆمەڵێک بەعسییان گرتووە، لە بنکەی بەرەی کوردستانی زامداریان ناسی و بەڕێزەوە هەموومانیان بردەوەماڵەوە. ●

# موتەسەڕیفی هەولێر چی لە نرخی گۆشت و هێلکە کرد؟

**حوسامەدین سەرداری**

بەپێی چەند نووسراوێکی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووی وەزارەتی ناوەخۆی ئەو کاتی عێراق و موتەسەڕیفیەتی هەولێر، چەند بڕیارێکیان بۆ دیاریکردنی نرخی گۆشت و هێلکە و خۆراکی تر لە هەولێر دەرکردووە.

لە نووسراوێکدا وەزارەتی ناوەخۆ بڕیاری داوە فرۆشیارانی کەلوپەلی خواردن لە هەموو دوکانەکان پابەند بکرێن بەدانانی پسوولەی نرخ لەسەر کاڵاکان بەشێوەیەکی دیار و گونجاو، تاکو کڕیار زانیاریی هەبێت لەسەر نرخەکان. سەبارەت بە نرخی گۆشتیش موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە ١٩٦١/٧/٣ ڕێنماییی بەم جۆرەی خوارەوە دەرکردووە:


٢٥٠ فلس بۆ یەک کیلۆ گۆشتی مەڕ. ٢٣٠ فلس بۆ یەک کیلۆ گۆشتی بزن. ٢٥٠ فلس بۆ یەک کیلۆ گۆشتی نەرمکی گۆلک.

هەروەها سەبارەت بە نرخی هێلکە، ئاگەداری لە موتەسەڕیفیەتی لیوای هەولێر لە ١٩٦١/٦/٣ دەرچووە بەدیاریکردنی نرخی ١٠ فلس بۆ یەک هێلکە، پێویستە لەسەر دوکاندارەکان ئەم نرخە لە شوێنی دیار و گونجاو هەڵواسن.

هەروەها لە ڕێنماییییەکەدا هاتووە کە تا کۆتاییی ئەو مانگە، پێویستە بەقالەکان کێشی دەیی، کیلۆ و پارچەکانی بەکار بهێنن، ڕێگە نادرێت کێشێکی دیکە جگە لە کیلۆ بەکار بێت. دەبێ دوکاندارەکانیش سەردانی شارەوانی بکەن بۆ کڕینی کێشی کیلۆ و نیو کیلۆ و چارەگە کیلۆ.

لە لایەکی دیکەوە فرۆشیارانی کەلوپەلی دیکەی وەک ڕادیۆ و بەفرگر و پانکە و پێداویستییەکانی دیکەی ناو ماڵ، پابەند کراون بەو نرخانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانیی ناوەخۆ لە دیوانی وەزارەتی بازرگانی دیاری دەکرێت و پێیان ڕادەگەیەندرێت.

بڕیاریش دراوە خاوەن میوانخانە و ئوتێلەکان نرخی نووستن لە ئوتێلەکان لە شوێنی دیاریکراو هەڵواسن بەو نرخانەی کە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر دیاری کردوون. ●



وێنەیەکی (دەرارخانە) کە ساڵی شەستەکان گیراوە، لە پشتەوە قەڵات دیارە.

## واریقات



عەزیزی مەلای ڕەش

# شیعر شیعرانێ

بەم تەرزەیە: دوو کەس یان دوو کۆمەڵە کەسێک یەکیان شیعر دەڵێت، ئاخیری شیعرەکە چ پیتێک بوو، دەبێ بەرامبەرەکە شیعرێک بڵێت سەرەکەی هەمان پیت بێت.

ڕۆژێک من و مەلا قادر ڕەمەزان و مەلا ڕەشید خدر مەلا لە تەمەنی دە پازدە ساڵی دەبووین بە کارێک چووینە گوندی سێقوچان کە نزیکەی سەعات و چارێگێک دوور بوو. مەلای ئاواییەکە دەرسی بە سێ فەقێیان دەگوت. زۆر شیعری کوردی و فارسیی فێر کردبوون، هەرکە مەلایەک، یاخود فەقێیەک بچووبوایە دێیەکە، کوڕی ئاغا بەدوای فەقێیەکانی خۆیانی دەنارد. شیعر شیعرانێی پێ دەکردن.

بەم تەرزە ئەو سێ کەسە چەند مەلا و فەقێیان بەزاندبوو. هەرکە ئێمە لەسەر سەکۆی دیوەخان دانیشتین، کوڕی ئاغا ناردییە دوای فەقێیەکانی خۆیان، کە مەلا کەریم و مەلا جەوهەر و یەکی دیکە بوو، بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نەماوە.

یەکسەر دەست بە شیعر شیعرانێ کرا.

ئێمە چەند شیعرێکی کەمی کوردیمان لەبەر بوو و تۆزی ئەوانمان پێ نەدەشکا. هەر زوو لەسەر شیعرێک سەرەکەی بە پیتی (ت) بوو، پەنچەر بووین. من خۆم بە گەورەی هاوڕێکانم دەجەڕباند، بۆیە زۆر پێ دڵگیر بووم و ناچار ڕووم لە هاوڕێکانم کرد و گوتم مەلا قادر، مەلا ڕەشید لەو چاوەتانە هەرەکەتێک بکەن.

دەمزانی چییان لە باردا نییە.

دوو سێ دەقە دەمیان جوڵاند لە بۆشایی، کاتێک کوت و خوا ئەمەم بۆ هات. کە لە ناو فەقێیان باو بوو. گوراح خۆشی جەستەمی سەرتاپا داگرت و یەکسەر گوتم:

تێیەکی تەن، وەلا تەتەن، تەتلەم و تەی و تۆنە.

بەمە پشووی خۆشیی سەرکەوتنمان هاتەوە بەر.

لە پیتی (ب) گوتم:

بێیەکی بەن، وەلا بەبەن، بەبلەم و بەی و بۆنە.

شانسی من شتاقیان ئەو پلە زانیارییەیان نەبوو، کە بزانن ئەمانەی من شیعر نییە.

لە پیتی (د) گوتم:

دێیەکی دەن، وەلا دەدەن، دەدلەم و دەی و دۆنە.

کوڕی ئاغا گوتی:

شیعرەکان هەموویان لەسەر یەک وەزنن، بەڵام کەلیماتیان جودایە.

یەکیان گوتی:

زیرەکە بە بابی خۆی دەچێت.

زۆرم هەوەست پێ هات.

لە پیتی (خ) گوتم:

خێیەکی خەن، وەلا خەخەن، خەخلەم و خەی و خۆنە.

پیتی ئاخیری هەمووان تەنیا (ن) بوو، نزیکەی دە دەقە وەستان.

ئەوسا حسیام چییان لا نەماوە.

ئەوجارە شیعرێکیان گوت پیتی ئاخیری (ق) بوو.

منیش گوتم:

قافێکی قەن، وەلا قەقەن، قەقلەم و قەی و قونە.

بەئەنقەست حەفتەکەی سەر وشەی قۆنەم نەگوت.

کوڕی ئاغا قیت بووەوە و ڕووی دەغەزاوی لە هەرسێکیان کرد و گوتی:

بە حەقی خوا ئابڕووتانی برد و هەتا باسی شتەکەشتانی کرد.

ئەمە یەکەم بەزینیان بوو.

سێ چوار ساڵی پێ چوو ڕۆژێک تووشی مەلا جەوهەر بووم بەوپەڕی غەزەبەوە گوتی:

هەی حیلەباز کەی ئەوانەی گوتت شیعر بوون؟

منیش گوتم:

شیعر بن و شیعر نەبن، مەرجی بەزینەکەتان بوو هۆباب.

لۆ زانیاریتان تا ئەوڕۆ مەلا قادر و مەلا ڕەشید لە ژیاندا ماون. ●

# مەیدانی جامبازەکان

سەباح پیربال قەساب

مام شێخان عەبدوڵڵا جامباز، کە بە شێخانە گۆج ناسرا بوو، خەڵکی ئۆمەربلەی گوندی میرزا ئەحمەدی هەولێر بوو. هەروەک هونەر ئەسکەندەر دەڵێت "مام شێخان بەسەرەکیترین کەسایەتییە جامبازە کۆنەکانی هەولێر دادەندرێت".

چەند کەسایەتییەکی دیکەش لە شاری هەولێر ئەم پیشەیەیان هەبووە، وەک مام پیرداود باپیری کاک سالم فەتاح و مام شاکر و عەباس و مام کەتۆ و مام بیلالی باوکی شێمە قەساب و مام جەمیل خاڵی خەلیل چایچی.

لە هەولێر جامباز ئەو کەسانە بوون کە پیشەیان کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی وەک ئەسپ، بارگیر، هێستر، کەر و ڕەشەوڵاخ بوو. چەند بنەماڵەیەک بەم پیشەیەوە خەریک بوون و پاشناوی جامبازیان وەرگرتبوو، بەڵام مەرجیش نەبوو هەموو ئەوانەی بەجامباز دەناسرێن، پیشەی جامبازییان کردبێت، بەڵکو ئەم نازناوە بە بۆماوەیی بۆ هەندێک کەس ماوەتەوە، ئێستەش زۆر لە کەسایەتییەکان و نەوەکان بەنازناوی جیا جیا دەناسرێن وەک سەفاڕ و خەیات و قەساب، بەڵام ئەو پیشەیەیان نەکردووە، بەڵکو وەک نازناوێکی بنەماڵەیی بۆیان ماوەتەوە.

وەک نموونە زیاتر لە (٣٠) کەسایەتی هەن کە بەم نازناوە دەناسرێن، بەڵام مەرج نییە ئەم بەڕێزانە پیشەی جامبازییان کردبێت.

بەر لە پەیدابوونی ئامرازەکانی هاتوچۆکردنی وەک ئۆتۆمۆبێل و پیکاب، خەڵکان و بەتایبەتیش خەڵکی گوند و لادێیەکان بۆ کاری گواستنەوەی کەلوپەل و هاتوچۆکردن، پشتیان بە ئاژەڵەکان بەستبوو، بەتایبەتیش کوورەچی و باخچەوان و جووتیاران و کاروانچییەکانی دەوروبەری خۆشناوەتی و کرمانجەکانی دەشت و لادێیەکان.

ئەم ئاژەڵانەش بەزۆری لە خوارووی عێراق و شاری مووسڵ دەیانهێنا و جامبازەکانی هەولێریش دەیانفرۆشتنەوە بەخەڵکی گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر کە پێویستیان پێ هەبووە. هەروەکو جەمال جامباز دەڵێت: ئەسپەکان چەند جۆرێکیان هەبووە، لەوانە ئەسپی (یەرعە) تەنها بۆ ڕۆیشتن بووە، غارغارێنی نەدەکرد پێیان گوتووە (ئەسپی کەوێت)، هەروەها ئەسپ هەبووە تەنها بۆ ڕاوکردن و کەشخەیی بەکار هاتووە، بارگین و کەر بۆ بارکردن.

شوێن و مەیدانی ئەو جامبازانە لە ساڵانی پێش ١٩٦٠ تەنیشت باغی شار بووە دواتر گواستراوەتەوە پشت مزگەوتی شێخەڵڵا بەرامبەر دیواری گۆڕستانی گەورەی هەولێر، دواتر گواستراوەتەوە ناوچەی بن لەیلوگانی نزیک قەسابخانەی کۆنی هەولێر، کە ئێستە دەکاتە بەشی دواوەی بازاڕی نیشتمان.




## زامداریات



ئیسماعیل بەرزنجی

### صاروخ على التمن

سەرەڕای ئەو هەموو هاش و هووش و بزێوییەی، زامدار تا بڵێی مرۆڤێکی دڵساف و ئاشتیخواز بوو، تووڕەبوونی هەر دەمێک بوو، دوایی هیچی لە دڵ نەدەما، زۆر بەشەڕ هاتووە، بەڵام لە خڕیان بەزیوە. دەگێڕنەوە جارێک لەگەڵ ئەسعەد عەدۆ تێک دەگیرێن، ئەسعەد توند دەستی دەگوشێت، زامدار هاوار دەکات: کوڕە لەسەرەخۆ، ئەوەندەی ساواری بخۆی دەستت چەند ڕەق بووە.

بێبەختیی زامدار لەوەدا بوو، مێزی شەوانەی زۆر قەرەباڵغ بوو، ئەگەر کێشەیەک بووبووایە، شەیەکە هەر لە سەری ئەو دەشکایەوە، بەردەوام قسەی دەکرد و دەستی دەجوڵاندن، سەرۆک یانە دەهات و دەیگوت: کاک مەحموود لەسەرخۆ بن، ئیدارە قبووڵ ناکات.

ئەگەر شەڕەکە گەورە بووبووایە و قاپی مەزە و دۆڵکە شکابان، مێزەکە قڵپ بووبووایەوە، ئەوا ڕۆژی پاشتر، زامدار موزەکەرەیەکی ئاراستەی بەرپرسانی یانەکە دەکرد و تیایدا دەینووسی:

بەڕێزان سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبەری یانە، سڵاوی جوانی و وەفاتان لێ بێت، ئێمە کە کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند و شاعیرین، لە کاتێکدا باسی ئەدەب و سروشت و مانگ و ئەستێرەمان دەکرد، دوو کەسی لایدە هاتنە سەر مێزەکە و ئەو بەزمەیان قەوماند، داوای لێبووردن دەکەین و هەر بمێنن بۆ خزمەتی جوانی.

یەک دوو شەو، کەشوهەواکە هێور دەبووەوە، پاشان دەقەوماوە، نادی نییە لەو هەولێرە، دوو سێ موزەکەرەی زامداری بۆ نەچووبێت، بۆیە زوو زوو نادیمان دەگۆڕی، وای لێ هات مەسەلەکە ئاسایی بوو.

شەوێک من و زامدار و فیکرەت و بورهان لە بەغدا بووین، دنیا زۆر سارد بوو، فیکرەت گوتی: ئەمشەو دەتانبەمە سەروپێیەکی خۆش.

نازانم فیکرەت بەو چاوە کزانەوە، چۆن ئەو هەموو شوێنەی بەغدا شارەزا بوو، لە نادی سیروان دانیشتین، زامدار بەسەر چەند مێزێکدا سووڕایەوە، دیار بوو زۆربەیان برادەری بوون، فیکرەت گوتی: زامدار بەبێ موناقەشە هەڵناکات، با زوو بڕۆین، نەوەک سەروپێیەکە تەواو ببێت.

چووینە چێشتخانەکە، لە ناکاو گوێمان لە ڕمبەیەکی زۆر گەورە بوو، هۆڵەکە هەژایەوە، گوتیان ئەوە مووشەکی ئێرانییە، شاگردەکە هاتە لامان، دیار بوو جگە لە سەروپێ، کەبابیشیان هەبوو، من و بورهان داوای کەبابمان کرد، شاگردەکە بە زامداری گوت: انت هم كباب؟ زامدار سەری بەرز کردەوە و گوتی: لا، اريد صاروخ على التمن.

شاگردەکە لە تریقەی پێکەنینی دا، سەری نا بەبناگوێی زامدار و وەک بیەوێت بڵێت: منداڵم وردە، با ئەمنێک گوێی لێ نەبێت.

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

گڵکەند

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

Issue (21), Wednesday 30/7/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

# خۆشەویستی

دوو تەنیایی پیاسە دەکەن
دوو تەنیایی تەماشای یەکتری دەکەن
دوو تەنیایی بە دەم یەکتری پێدەکەنن
دوو تەنیایی پێکەوە دادەنیشن
دوو تەنیایی قسە دەکەن
دوو تەنیایی دەستی یەک دەگرن
دوو تەنیایی یەکتری لە باوەش دەگرن
دوو تەنیایی تێکەڵ بە یەکتری دەبن
دەبن بە یەک
دەبن بە خۆشەویستی

نەزەند بەگیخانی